www.xebat.net
خەبات
سێ شەممە 2017/11/14 ژمارە (5391)



# دوایین هەواڵی گواستنەوەی زستانەی ریال و بەرشلۆنە و ئەتلەتیکۆ

رۆژنامەی (ئاس)ی مەدریدی ناوەڕۆکی گفتوگۆی ریال مەدریدی و بەرشلۆنەو ئەتلەتیکۆ مەدرید کە گریمان دەکرێت لە ساڵی 2018 ئەنجامی بدەن بڵاوکردەوە، کە رۆژنامەکە مەزندەی ئەوە دەکاتە لە گواستنەوەکانی زستانەدا گەورەکانی ئیسپانیا بۆ بەهێزکردنەوەی ریزەکانیان و چارەسەری ئەو بۆشاییانەی کە لەدوای سەرەتایی وەرز لەپێکهاتەکانیان دەرکەوتوون چارەسەر بکەن. ئێستا ریال مەدرید خەریکی گفتوگۆیە بۆ گواستنەوەی کیمیچ ئەستێرەی یانەی بایرن میونخ و خوان مانوێل ماتا ئەستێرەی یانەی مان یونایتد، بەڵام ئەتلەتیکۆ مەدرید زۆر بەبەهێزی فشار دەکات بۆ کڕینی ئەستێرەی یانەی مان یونایتد ئاندێر هیرێرا، لەهەمان کاتدا یانەی بەرشلۆنە خەریکی گواستنەوەی ماتیاس دی لیخت ئەستێرەی ئەیاکس و فیلیپی کۆتینهۆ ئەستێرەی یانەی لیڤەرپوولە.

# جیرۆی سەربازگەی مەشقی فەرەنسای جێهێشت

یەکێتی تۆپی پێی فەرەنسا رایگەیاند کە هێرشبەری کەڵەشێرەکان ئۆلیڤێ جیرۆی تەمەن **31** ساڵ سەربازگەی کەڵەشێرەکانی جێهێشت کە خەریکی ئامادەکارین بۆ یاری دۆستانەی ئەمشەویان بەرامبەر هەڵبژاردەی ئەڵمانیان یەکێتی ناوبراو روونیکردەوە کە گیرۆ تووشی پێکانێکی سوکی ماسولکەی قاچی راستی بۆتەوە، لەیاری دۆستانەی رابردوویان کە تیایدا بە **2** گۆڵی بێ وەڵام بەسەر هەڵبژاردەی وێڵز سەرکەوتنیان تۆمارکرد کە لەهەینی رابردوو بەڕێوەچوو. دیدێ دیشامپی راهێنەری فەرەنسا ئاماژەی بەوەکرد کە رێگەی بەخۆی نەداوە ناوبراو بخاتە مەترسی هەلی گەڕانەوەی بۆ شاری لەندەنی بەریتانی بۆ رەخساندووە، تاکو پەیوەندی بە تۆپچییەکانەوە بکات. کە ئالیکساندەر لاگازیت ئەویش لە ئارسناڵ یاری دەکات، هەروەها کیلیان مبابی ئەستێرەی پاریس سانت گێرمان دەتوانن جێگای گیرۆ پڕ بکەنەوە. کە ئەمەش دوایین یاری هەڵبژاردەی فەرەنسایە لەساڵی **2017**. گیرۆ توانی گۆڵێک لەهەڵبژاردیە وێڵز تۆمار بکات و کۆی گۆڵەکانی لەگەڵ کەڵەشێرەکان گەیشتە **29** گۆڵ لەکۆی **69**یاری نێودەوڵەتیدا بەدرێژایی کاروانی وەرزشی لەگەڵ هەڵبژاردەکەی.

# شتیگن پاڵێوراوی یەکەمە بۆ پارێزگاریکردنی تۆڕی ئەڵمانیا لەمۆندیال



رۆژنامەی (مارکا)ی ئیسپانیا راپرسیەکی سەبارەت بەو گۆلپارێزەی کە تۆڕی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا دەپارێزێت لەمۆندیالی داهاتووی رووسیا لەنێوان مانوێل نوێرو تیر شتینگ ئەنجامدا، کە لەمیانیدا گۆڵپارێزی یانەی بەرشلۆنە دەست نیشانکرا. شتیگن رێژەی **55%**دەنگی دەنگدەرانی بۆ پارێزگاریکردنی تۆڕی ئەڵمانیا لەمۆندیال بەدەستهێنا، لەگەڵ ئەوەی نوێریش بگەڕێتەوە، کە چاوەڕێ دەکرێت لە شوباتی داهاتوو بۆیاریکردن بەتەواوەتی ئامادە بێت.

# سەنیگال بۆ جاری دووەم گەیشتە مۆندیال



هەڵبژاردەی سەنیگال تونی خۆی بگەیەنێتە کۆتایی مۆندیالی 2018ی رووسیا لەسەر حیسابی هەڵبژاردەی باشووری ئەفریقا دوای سەرکەوتنی بە 2 گۆڵی بێ وەڵام لە بۆلکوانی لەیاری گەڕی کۆتایی رکابەرییەکانی گرووپی چوارەمی کیشوەری رەش. بەم سەرکەوتنەش سەنیگال بەرابەرایەتی راهێنەر ئالیۆ سیسێ توانی پێشەنگی گرووپەکەی بە 11 خاڵ و بەجیاوازی 5 خاڵ لەگەڵ نزیکترین رکابەری بۆرکینا فاسۆ و سەری کەسک کە ئەویش ئەمڕۆ بەیەک دەگەن مسۆگەر بکات. ئەمە یارییەکی دووبارە بوو دوای ئەوەی فیفا بڕیاری دووبارەکردنەوەی یارییەکەی دا بەهۆی ئەوەی ناوبژیوانی غانی گۆزێل لامبیتی لەیاری یەکەم یاری بە ئەنجامەکان کرد، کە تیایدا باشووری ئەفریقا بە 1-2 گۆڵ سەرکەوتبوو. بەهۆی ئەم یاریکردنە بەئەنجامەکە ناوبژیوان لامبیتی بەدرێژایی ژیانی سزا درا، دوای ئەوەی لێدانێکی سزای خەیاڵی بۆ باشووری ئەفریقا هەژمارکرد. ئەمەش دووەمین جارە هەڵبژاردەی سەنیگال دەگاتە کۆتاییەکان لەدوای مۆندیالی ساڵی 2002ی کۆریای باشوور و ژاپۆن.

# ماتس هۆمیلز: زمان هۆکاری شکستهێنانی ئەنچیلۆتی بوو



ماتس هۆمیلز، بەرگریکاری یانەی بایرن میونخی ئەڵمانی، باسی هۆکارەکانی شکستهێنانی راهێنەری ئیتاڵی کارلۆ ئەنچیلۆتی، لەگەڵ یانەکەی باڤاریا لە ماوەی رابردوودا کرد. هۆمیلز لەمبارەیەوە لێدوانی بۆ رۆژنامەی (بیلد ئێم سۆنتاگ) ئەڵمانی دا و وتی:"لەبارەی هۆکارەکانی شکستهێنانی ئەنچیلۆتی لەخۆمان پرسی، لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لەو یاریزانانە قسەم کرد، کە پێشتر کاریان لەگەڵی کردووە، هەموو پێیان پەسند بوو". وتیشی:"وابزانم زمان زۆر گرنگ بوو، کە بە ئەڵمانی قسە دەکەم، هەست بە ئاسوودەیی دەکەم، سەبارەت بە ئەنچیلۆتی، زمان بەشێکی گرنگی کای راهێنەرە، بەڵام لێرە نەیتوانی بەباشی لەگەڵ یاریزانەکان لە یەکتری بگەن، بە پێچەوانەی کارکردنی لەگەڵ یانەکانی دیکەدا". هۆمیلز باسی تۆماس تۆخێل و جولیان ناگلسمانیشی کرد، کە بۆ وەرگرتنی پۆستی راهێنەری بایرن میونخ پاڵێوراوان، بۆ ئەوەی شوێنی یۆپ هاینکس بگرنەوە، لەمبارەیەوە وتی:"تۆماس تۆخێل ببێتە راهێنەری بایرن؟ ئێستا هیچ ناڵێم، تەنیا ئەوکاتە قسە دەکەم، کە شتەکە دەبێتە راستی". هەروەها وتی:"ناگلسمان؟ تەنیا دوو ساڵ لەمن گەورەترە، بەڵام پێم وایە بوونی بە راهێنەری بایرن، مەحاڵ نیە". ئەو یاریزانە تەمەن **28** ساڵییە وتیشی:"بەدڵنیاییەوە من لایەنگری ئەوەم، راهێنەری ئەڵمانی ببنە راهێنەری تیپەکانی بۆندسلیگا". هۆمیلز لە کۆتاییدا لەبارەی یۆپ هاینکسەوە وتی:"کەسێکی روون و بە دسپلینە، ئەوەش بۆ یاریزانان شتێکی باشە، ئەو گیانێکی تازەی بە بەر تیپەکەوە خستەوە".

**رەمزی میرەکانی**